# دەفتەری یادداشتی زیرەک

گەر ئاوڕێك بۆ تەنیا دە ساڵ لەمەوبەر بدەینەوە لە گیرفانی زۆربەماندا دەفتەرێکی بچووك هەبوو بۆ یادداشتی ڕۆژانەمان، ئەوکاتەی مۆبایل گشتگیر بوو تا ڕادەیەك ڕۆڵی ئەم دەفتەرچەیە کەم بوویەوە، بەڵام لەبری ئەو دەفتەرە، دەفتەری یادداشتی دیجیتاڵی بەرهەم هاتووە، کە هەم یادداشتەکان لەخۆیدا ڕادەگرێ و هەم تێکیش ناچێت.

کۆمپانیای Rocketbook wave جۆرێك لە دەفتەرچەی هۆشمەندی بەرهەم هێناوە پێدەچێ شوێنی دەفتەرچەی کلاسیك و کاغەز بگرێتەوە.

دەفتەرچەکە تەواو وەك دەفتەرچەیەکی کلاسیك و ئاسایی دەچێت، دەکرێت لەسەر کاغەزەکانی بنووسی، بەڵام گرنگی دەفتەرچەکە لەوەدایە هەرکە بابەتەکەت تەواو کرد، کۆتایی لاپەڕەکەدا چەند ئایکۆنێك دەبینددرێت کە دەکرێت یەکێك لەوانە هەڵبژێری وەك (گوگل درایف، درایف بۆکس، کلود..تاد) هەر کام

# سەرنجێک لەسەر وێب کەمەکانی مایکرۆسۆفت

کۆمپانیای مایکرۆسۆفت لەم ماوەیەدا دوو وێبکەمی تایبەتی خستەڕوو کە هەرکام لەوانە گرنگی خۆیان هەیە، وێبکەی جۆری Microsoft Lifecam Cinema HD و هەروەها وێبکەمی جۆری Microsoft Lifecam HD-3000.

وێبکەمی جۆری HD-3000 دیزاینێکی سادەی هەیە، کێشی کەمە بۆ هەموو شوێنێك دەگونجێت، مایك و ئیل سی دی لە پێشەوەی وێبکەمەکەیە، ئێل ئی دیەکە کاتێك کە هەڵدەبێت چاو لێك دەدات تا بەکارهێنەرەکەی ڕابگەیەنە ئێستا کاتی فیلم گرتنە.

وێبکەمی ناوبراو بۆ سەرێ و خوارێ دەسوڕێت و ستاندێکی تایبەتی هەیە بۆ ڕاگرتنی. هەرکات وایەری وێبکەمەکە لە کۆمپیوتەردا بەبێ دابەزاندنی هیچ پرۆگرامێك پەیوەند دەدرێت. کوالیتی وێنەگرتنی ٧٢٠ پیکسڵە و لە فیلمیشدا ٣٠ فرێم لە چرکەیەکدایە. بۆ پرۆگرامەکانی مەسنجەر، فەیسبوك، یوتیوب زۆر گونجاوە.

وێبکەمی جۆری cinema HD، دیزاینێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە پایەکەی لە ئەلەمینۆمە و وەك تەلسکۆپ دەچێت، لێنزی وێبکەمەکە زۆر لەسەرێیە، دیزاینەکەی جۆرێکە بۆ کۆمپیوتەری سەرمێز و لاپتۆپ دەگونجێت. مایکەکەی لەسەرەوەیە بۆ ئەوەی لە هەموو لایەکەوە دەنگ وەربگرێ. وێبکەمەکە سیستەمی ناسینەوەی ڕوخساری هەیە، فۆکۆسی ئۆتۆماتیکییە.






# هاردی پۆرتێبڵی SSD سامسۆنگ و خێراییەکی زۆر

هاردی کۆمپیوتەر دوو جۆرن جۆری HDD کە واتە هارددیسك کە یەکەم ئامێری داکردنی داتاکانی کۆمپیوتەرە، هەروەها هاردی جۆری SDD کە ماوەی چەند ساڵێکە جێگرەوەی HDDیە. ئەم دوو جۆرە لە بواری توانا و کاراییەوە لێك جیاوازن، بە جۆرێك پاش چەند ساڵێکی دیکە بە یەکجاری هاردی جۆری HDD واتە هارددیسك نامێنێت.

لەم ماوەیەدا کۆمپانیای سامسۆنگ هاردێکی جۆری SDD بە خێراییەکی زۆرەوە خستە بازاڕ. هاردەکە جۆری پۆرتێبڵە واتە دەرەکییە. هاردە دەرەکییەکەی سامسۆنگ بەناوی Portable SSD X5 ناسراوە. ئەم هاردە ئەوەندە خێراییە دەکرێت ٢٠ گیگابایت ڤیدیۆ بە کوالیتی K UHD لە ماوەی تەنیا ١٢ چرکە لەخۆیدا جێبکاتەوە.

خێرایی گواستنەوە و داگرتن لەم هاردەدا ٢٨٠٠ هەتا ٢٣٠٠ مگابایت لە چرکەیەکدایە. ٢٥ جاران خێراترە لە هاردێکی ئاسایی. هاردەکە سێ جۆری ٥٠٠ گیگا و یەك ترا و دوو ترای هەیە.



هەڵبژێری، یادداشتەکان لەو شوێنەدا سەیڤ دەبن.
جگە لەو تایبەتمەندییە دەکرێت، کاتە گرنگەکان کە لە دەفتەرەکەدا تۆمارت کردوون بیرت دەخاتەوە.
کاتێك لاپەڕەیەك دەنووسی بەخێرایی تۆمار دەکرێن.
دەکرێت چەندین لاپەڕە پێکەوە بکەیەوە. خاڵی گرنگی دەفتەرچەکە ئەوەیە هەرکاتێك بتەوێ لاپەڕەکان بسڕیەوە و سپی بکەیەوە، لەناو مایکرۆی دابنێی، یان بە مجففە لاپەڕەکان سپی بکەوە.



## دەستبەندی فیت ۳ و تایبەتمەندییەکانی

ئەوانەی شارەزای دەستبەندی سمارت بن دەزانن، دەستبەندەکانی (فیت) لە ریزی یەکەم دێن، کە هەتا ئێستا ڤێرژنی سێیەمی بەرهەم هێناوە، دەستبەندی Fitbit Charge 3 لەم رۆژانەدا کەوتە بازاڕ، بەڵام جیاواز لەوانی دیکەیە، شاشەکەی لەمسیە و هەتا هەفتەیەك شەحنی دانابەزێ، GPS ناوخۆی نییە و بۆیە دەبێت لەگەڵ مۆبایل پەیوەند بدرێت. ئاوی تێناچێت و زیاتر لە ١٥ ڕاهێنانی تایبەت بە وەرزشکردنی تێدایە. هەستەوەری جۆری Sp02 تێدایە کە ڕێژەی ئۆکسیژێنی ناو خوێن دیاری دەکات.

## یەکەم تەبلێتی لوولەکی لە جیهاندا

پسپۆرانی تەکنەلۆژی لە کەنەدا جۆرێك لە تەبلێتیان بەرهەم هێناوە کە شێوەی لوولەکی هەیە و دەکرێت بنووشتێەوە و هەروەها دەکرێت وەك تەبلێتێکی ئاسایی بێت.
تەبلێتی جۆری (MagicScroll) بەرهەمی هەوڵدانی پسپۆرانی تەکنەلۆژی زانکۆی «کوێین»ی کەنەدییە.
تەبلێتەکە شاشەیەکی لەمسی نەرمی هەیە بە دەوری لولەکێکدا دەسووڕێتەوە. بیرۆکەی ئەم داهێنانە لە تۆمارنامەی دەسەڵاتدارانی دێرینە و مێژوویی وەرگیراوە. شاشەی ئەم تەبلێتە لوولەکییە ٧,٥ ئینجە. کاتێك پەیوەندییەك هات دەبێت تەبلێتەکە بنووشتێتەوە. پاشان دەکرێت بە دانانی لە پەنای گوێ وەڵامی پەیوەندییەکان بدەیەوە.
کوالیتی نیشاندان لە تەبلێتەکەدا K2یە. ڤیدیۆ و وێنەکانی بەرزترین کوالیتیان هەیە. تەبلێتی ناوبراو بچووکە و لە گیرفاندا جێگای دەبێتەوە و بە ئاسانی بەدەستێك هەڵدەگیردرێت.








## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێك ئەم پرسیارەی كردووە كە ئەكتیڤی فەیسبووكەكەم دابەزیوە، یانی چی؟ بۆچی ئەكتیڤی فەیسبوك دادەبەزێ؟**

خوێنەری بەڕێز. دابەزینی ئەكتڤی هیچ بنەمایەكی زانستی نییە، هیچ كاتێك ئەكتیڤ دانابەزێت، بەڵام جار هەیە ناتوانی وێنە و فیلمی هاوڕێیانت ببینی، پێیان وایە ئەمە دابەزینی ئەكتیڤە و داوای لایك و كۆمێنت دەكەن، بەڵام نە لایك و نە كۆمێنت رزگاردەری ئەمە نین، هۆكاری نیشان نەدانی وێنە و بابەتی هاوڕێیان بۆ دوو هۆكار دەگەڕێتەوە، ئەگەر بەگشتی هی هیچ كام لە هاوڕێیانت نەدی، ئەوە بەو مانایە كە فەیسبوك گۆڕانكاریەكی بچووك لە فەیسبووكەكەتدا، وەك نوێكردنەوە، یان هەست كردن بە فایلێكی خراپكاری كە لە ٢٤ كاتژمێردا باش دەبێتەوە. ئەگەر هی تەنیا یەك كەس یان چەند كەسێكت نەدی، ئەوە بەو مانایە وایە ماوەیەكی زۆرە نە لایك نە كۆمێنتێكت بۆ بابەتەكانی ئەم كەسە نەنووسیوە..

# سامسۆنگ كاتژمێرێكی زیرەكی نوێ بەرهەم دێنێ

كاتژمێرە هۆشمەندەكان هەرچەندە تا ئێستاش گشتگیر نەبوونە و شوێنی كاتژمێرە كلاسیكەكانیان نەگرتۆتەوە، بەڵام كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنانی تەكنەلۆژیای نوێ هەروا لە ركابەریدان بۆ بەرهەمهێنانی كاتژمێری نوێتر بە تایبەتمەندی زیاترەوە.

لەم رۆژانەدا سامسۆنگ نوێترین كاتژمێری زیرەكی خۆی بەرهەمهێنا، هەرچەندە ناوی كاتژمێرەكانی سامسۆنگ بە gear دەست پێدەكات وەك gear 1 هەتا gear3 بەڵام ئەمجارەیان ناوی كاتژمێرەكەی تەنیا ناوی كاتژمێری چوار واتە watch4 ی لەسەرناوە.

ئەم كاتژمێرەش سەرەڕای ئەوەی هەڵگری گشت تایبەتمەندییەكانی كاتژمێرە زیرەكەكانی سامسۆنگە، بەڵام لە دیزاینیشدا گۆڕانكاری بەسەرداهاتووە. دیزاینی تایبەت بە پیاوان و ژنانی هەیە. سێ رەنگی هەیە و رەنگە ئاڵتونییەكەی بچووكترە و ژنانەیە. شاشەكەی لە جۆری گوریلاگلس DX+ە، كە زۆر پتەوە و ناشكێت، لە قووڵایی ٥٠ مەتر لە ژێرئاودا ئاوی تێناچێت. شاشەكەی ١,٢ و ١,٣ ئینجیە. میمۆری ناوخۆی ٤ گیگابایتە و باترییەكەی تا ٨٠ كاتژمێر شەحنی دانابەزێت. بۆ كاركردنی كاتژمێرەكە پێویستی بە مۆبایل نییە و خۆی سیمكارت دەخوێنێتەوە.

# هاردیسكێک با تانک بەسەریدا بڕوا!

فۆنت (font) ئەو پیت و كارەكتەرانەن كە لە كۆمپیوتەر و مۆبایلدا بۆ نووسین و گەیاندنی پەیام سوودیان لێوەردەگیردرێت. بۆ ئەوانەی نیازیان لە دروستكردنی فۆنتی تایبەت بەخۆیان بێ، دروستكردنی فۆنت ئاسانە و پرۆگرامگەلێكی زۆر هەن كە تایبەتن بە فۆنت دروستكردن و دەستكاریكردنی فۆنت. یەكێك لەو پرۆگرامانە، پرۆگرامی High-Logic FontCreatorە، بەهۆی پرۆگرامەكە دەتوانی فۆنت دروست بكەی و دەستكاری فۆنتەكانی جۆری TrueType و OpenType بكەی. بە وەبەرچاوگرتنی ستاندەرەكانی فۆنت دوورست كردن، فۆنتێكی بە ویستی خۆت دروست بكەی. نە تەنیا فۆنت دروست بكەی، بەڵكو دەستكاری ئەو فۆنتانەش بكەی كە لەناو كۆمپیوتەرەكەدان، جگە لە پیت كارەكتەری تایبەتیش بۆخۆت دابنێیی. خودی پرۆگرامەكە زیاتر لە دوو هەزار كارەكتەری تێدایە. دەتوانی وێنەكانی لۆگۆش بكەی بە كارەكتەری نووسین. ناوی فۆنتەكان بە ویستی خۆت بگۆڕی. پرۆگرامەكە لەگەڵ زۆربەی سیستەمەكانی ویندۆزیش دەگونجێت.






# بەرهەمە دیجیتالیەکانی لینۆڤۆ خرانەڕوو

لینۆڤۆ کۆمپانیایەکی گرنگی چینیە، لە بواری بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالیدا چالاکی هەیە، لە پیشانگای ساڵانەی IFA 2018دا چەندین بەرهەمی خۆی خستەڕوو کە لێرەدا ئاماژە بە سێ بەرهەمی دەکەین.

پلاکی کارەبایی زیرەك: ئەم پلاکە کارەباییە گرنگی زۆری هەیە و لەریزی ئینتەرنێتی کاڵا دێت، واتە دەکرێت لە رێگای دوورە کۆنترۆڵ بکرێت. بۆ نموونە دەکرێت بۆ هەر یەکێك لە تەلەفزیۆن، بەفرگر، سپلیت، جلشۆر، قاپ شۆر.. تاد، پلاکێك دابندرێت و لەرێگای دوورەوە کۆنترۆڵیان بکەی.

گڵۆپی هۆشمەند: ئەم گڵۆپە گرنگییەکەی لەوەدایە دەکرێت لە رێگای مۆبایلەکەتەوە لە هەر شوێنێك لە جیهان بی، هەڵی بکەی و بیکوژێنەوە، یان رووناکییەکەی کەم و زیاد بکەی، تەنانەت رەنگی تیشکەکە بە ویستی خۆت بگۆڕی، هەروەها بۆ شەو و رۆژ و بۆ خوێندنەوە، پشوودان رووناکییەکە رێك بخەی.

کامێرای هۆشمەند: ئەم کامێرایە دەکرێت وەك کامێرای چاودێری سوودی لێوەربگری، دەکرێت دەنگ بەباشی هەڵبگرێتەوە و زانیارییەکان لە رێگای ئەپی تایبەت بەخۆیەوە بۆ شوێنی مەبەست بەرێ بکات. ئەم کامێرایە لەگەڵ سپیکەری دیجیتاڵی گوگڵ و ئەلیکسا دەگونجێت و بەهۆی ئەوانە دەکرێ فەرمانی بەسەردا بکەی.

# ئاوێنەی سمارت یا تەبلێت

تەکنەلۆژیا هەر دێت و پێشدەکەوێت، هەموو بەشەکانی ژیانی گرتۆتەوە، ئەگەر رۆژێك دیتت ئاوێنەی سەر دەستشۆرەکەی ماڵەوەتان وێنەت دەگرێ، هەواڵەکانت بۆ دەخوێنێتەوە و کەش و هەوات نیشان دەدا و زۆر ئەرکی دیکەش لەلات ئاسایی بێت.

کۆمپانیای Evervue USA لەم ماوەیەدا ئاوێنەیەکی هۆشمەندی بەناوی Qaio بەرهەم هێناوە، کە ئەوکاتانەی کارەبا دەبڕێت خۆی دەبێتە گڵۆپێکی رووناك کردنەوە، جگە لەوەش کەش و هەوای ناوچەکە نیشان دەدات، نرخی دراوەکان، کاتژمێر، کاتەکانی رۆیشتنی فڕۆکە و ئامێرەکانی دیکەی گواستنەوە، نیشان دەدات، بە کوالیتی K4 وێنە و فیلم دەگرێت.

لەگەڵ سپیکەری هۆشمەندی ئەلیکسا، دەگونجێت و هەر پرسیارێك لێی بکەی وەڵام دەداتەوە.



بارستایی ئاوێنەکە زۆر تەنکە، تەنیا ٥ ملم، بۆیە کاتێك دەکوژێتەوە هەست بەوە ناکرێت ئاوێنەیەکی هۆشمەندە، بەڵکو وەك ئاوێنەیەکی ئاسایی دەچێت. خاڵی گرنگی ئاوێنەکە ئەوەیە وەك کامێرای چاودێریش سوودی لێوەردەگیردرێت و لە دەرەوە هەرچی روو بدات نیشانی دەدات. لەگەڵ تەلەفزیۆنە هۆشمەندەکان پەیوەند دەدرێت و دەکرێت لەسەر ئاوێنەکە سەیری فیلم بکەی.



## ماڵپەڕێک بۆ کۆنڤێرتکردنی فیلم

کۆنڤێرت (Convert) واتە گۆڕینی فۆرماتێك جا چ وێنەیی بێت یان فیلم بێت یان دەق بێت بۆ فۆرماتێکی دیکە، بۆ نموونە فایلێکی PDF دەکەی بە فایلێکی Word یا پێچەوانە، یان فایلێکی وێنەیی PSD دەکەی بە فایلێکی JPG یان فایلێکی فیلم دەکەی بە فۆرماتێکی دیکە.. ئەم کارە پێیدەگوترێ کۆنڤێرت. بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە پێویستە پرۆگرامی تایبەت بە خۆی هەبێت، بەڵام دەکرێت بەبێ پرۆگرامیش هەر لە ئینتەرنێت لە ماڵپەڕی تایبەت بە کۆنڤێرت ئەم کارە ئەنجام بدەی، یەکێك لە ماڵپەڕەکانی کۆنڤێرت، ماڵپەڕی https://video.online-convert.com/ بە ئاسانی لەم ماڵپەڕەدا بێ گرفت هەر فایلێکی ڤیدیۆیی دەکرێت فۆرماتەکەی بگۆڕی..